# خەولە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سکاڵای دەکرد سەبارەت بە مێردەکەی، نەمدەزانی چی دەڵێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «الحمد لله (حەمد وسوپای بۆ ئەو خودایەی) بیستنی هەموو دەنگەکانی گرتووەتەوە (هەموو شتێک دەبیستێت)، خەولە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سکاڵای دەکرد سەبارەت بە مێردەکەی، نەمدەزانی چی دەڵێت (بەهۆی نزمی دەنگیەوە)، پاشان خوای گەورە (ئەم ئایەتەی) دابەزاند: {قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَـٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ} [المجادلة: 1] واتە: {بەڕاستی خودا بیستی ووتەی ئەو ژنەی کە لە بارەی مێردەکەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکردی وە سکاڵای خۆی بۆ لای خودا دەبرد وە خوا گوێی لە وتووێژی هەردووکتان بوو بەڕاستی خوا بیسەر وبینایە}».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - بوخاری گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

خەولەی کچی سەعلەبە -ڕەزای خوای لێبێت- خێزانی ئەوسی کوڕی سامت بوو، (سەعلەبە) پێی ووت: تۆ بۆ من وەکو پشتی دایکمی، واتا: تۆ لەسەر من حەرامیت (کە مارەییت لەگەڵدا بکەم)، ئەویش (خەولە) چوو بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆی باسکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (قد حرمت عليه) واتە: (تۆ حەرامبوویت لەسەر ئەو)، (خەولە) بە دەنگێکی نزمەوە بۆئەوەی دەنگی لە عائیشە بشارێتەوە دەیووت: پاش ئەوەی بەتەمەن بووم؛ ئەمەم پێدەڵێت؟ سکاڵا بۆ لای خوای گەورە دەکەم سەبارەت بە منداڵەکانم ئەگەر لای من برسین؛ لای ئەو بن تیا دەچن، ئەمە گفتوگۆ کردنەیەتی لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کە خوای گەورە باسیکردووە لە قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرموێت: {قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَـٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ} [المجادلة: 1] واتە: {بەڕاستی خودا بیستی ووتەی ئەو ژنەی کە لە بارەی مێردەکەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکردی وە سکاڵای خۆی بۆ لای خودا دەبرد وە خوا گوێی لە وتووێژی هەردووکتان بوو بەڕاستی خوا بیسەر وبینایە}. عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (الحمد لله -حەمد وسوپای بۆ ئەو خودایەی- بیستنی هەموو دەنگەکانی گرتووەتەوە -هەموو شتێک دەبیستێت-): بیستنی خوای گەورە هەموو شتەکانی گرتووەتەوە وبۆیە هیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە ئەگەر دەنگیشی زۆر زۆر نزم بێت. (خەولە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سکاڵای دەکرد سەبارەت بە مێردەکەی، نەمدەزانی چی دەڵێت -بەهۆی نزمی دەنگیەوە-، پاشان خوای گەورە (ئەم ئایەتەی) دابەزاند: {قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَـٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ} [المجادلة: 1] واتە: {بەڕاستی خودا بیستی ووتەی ئەو ژنەی کە لە بارەی مێردەکەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکردی وە سکاڵای خۆی بۆ لای خودا دەبرد وە خوا گوێی لە وتووێژی هەردووکتان بوو بەڕاستی خوا بیسەر وبینایە} ): واتا کاتێک خەولە هات سکاڵای لەسەر پیاوەکەی کرد لە لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە دەنگێکی نزم قسەی لەگەڵدا دەکرد؛ عائیشە هەرچەندە لێیانەوە نزیک بوو نەیدەزانی باسی چی دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا خوای گەورە لە سەرووی ئاسمانەوە؛ بیستی وئەم ئایەتەی دابەزاند، وئەمیش بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر سیفەتی بیستن بۆ خوای گەورە، وئەمیش بابەتێکی هەقیقەتە ویەکلایی بووەتەوە لە ئاینی ئیسلامدا، وتەنها کەسانی گومڕا ولادەر لە ڕێبازی ڕاست نکۆڵی لێدەکەن. وقسەکەی عائیشە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵان باوەڕیان بە دەقەکان هەبوو بەو شێوەیەی ئاشکرا ودیارە لێی تێگەین، ئەمیش ئەوەیە کە خوای گەورە دەیەوێت لە پێغەمبەران وهاوەڵان وهەموو ئیمانداریک، ئەگەر ئەم بیروباوەڕیان هەڵە بووایە لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوا خوای گەورە ئایەتی دادەبەزاند یان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە وەحی پێیانی ڕادەگەیاند وبیروباوەڕیانی ڕاست دەکردەوە، وهیچ یەکێک لە هاوەڵان نەهاتوون ئەم دەقانەی کە باسی سیفات وکردارەکانی خوای گەورە دەکات؛ لایبدەن لە مانا ئاشکرا ودیارەکەی یان لێکدانەوەیەکی تری بۆ

بکەن یان بیچوێنن بە دروستکراوەکان یان واتا ئاشکراکان پەکبخەن، نە لە هیچ گێرانەوەیەکی سەحیح ونە لە هیچ گێڕانەوەیەکی لاوازدا ئەمە نەهاتووە؛ هەرچەندە هاندەرەکان بۆ باسکردنی ئەم مەسەلەیە بوونی هەبووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8295